# هەرچەند ون بی

سەرهەنگ خامۆش



من دەزانم
ڕۆژێ دادێ
سۆزی ئەم حەزەم
دەکێڵێ..
بارگەی عەشقت
لە هەوارگەی دڵی من دا
بەجێ دێڵێ
من دەزانم ڕۆژێ دادێ
بارگەی کۆچت
تێك نێی بڕۆی
سەر هەلگری
بۆ حاڵی من
هیچ خەم نەخۆی
وەرە مەڕۆ
ئەم هەوارە
جێ مەهێڵە
لە شەوانی تەنیاییم دا
دڵەی شێتم
بەدوات وێڵە
وەرە گیانە

گەلێ ماندووم

سەر بە سینگی نیانت کەم

چوار چێوەیەك

بۆ ئەم حەزەم

دروست بکەم

کۆمەڵێ ماچ

وەك ملوانکە

لە گەردنت بئاڵێنم

نهێنی ئەم عەشقە پاکەم

لە باوەشی گەرمی تۆدا

بدرکێنم..

دڵتەنگ نابم

هەر چەند  وون بی

لە بەر چاوم

لە نێو دڵت هەڵکەندراوە

پیتەکانی پەیڤی ناوم..!

Xamosh_serheng@yahoo.com